# له خۆت بپرسه

شەرمین وەلی

له وێنەکەت ڕامام

زۆر ورد گەڕام

دەگەڕام.. بەدوای خۆم

بەدوای جێپەنجەی رۆحم

بەدوای هەناسەی وونم

نەمبینی..!!

لێت دەپرسم هاورێ

منێك بوونی هەیە له ناختا؟؟

یا تۆیش وەکو پەرەسێلکەی خۆشگوزەر

پەیپێی گونجاوی وەرزەکان

سەفەر دەکەی

له گەرمیان بۆ کوێستان

له کوێستان بۆ گەرمیان

به من بێ !!

بەم هەموو نائومێیەشەوە

سەمـا بکەم

گڕ له رەشبینی و تارماییەکان بەردەم

تۆوی جوانی و فەرزەندەیی ببەخشمە

هەستەکان

به من بێ!!

ئاراستەی (با) به ئارەزووی خۆم بگۆرم

خۆرنشین لەگەڵ نۆتەی دەنگی تۆ

نمایشی خۆی دەست پێ بکا

من پێکەنیم به فەنتازیای هەتاو دێ

کاتێ من و تۆ له تاریکیدا ئاشنا دەبین به یەکتر

بۆنی هەرچی جوانیە ناتوانێ

لەگەڵ رۆحمدا بسرەوێ

تروسکەی نیگای هەرچی رووانینە

ناوانێ تۆم لێ وون بکا

ئیتر تامەزرۆیی  گلێنەکان بە من چی

گۆرانیە بێدەنگەکان بە من چی؟

سەیرکە

خەریکە هەڕەشەی تۆفانەکان

بەرەو  ئامێزی تەنیایم راپێچ دەکا

سەیری چاوەکانم بکە

تا بزانی وێنەکانی تۆی تیا هەڵپەسێراوە

یـا.. نـا؟!

بپرسە لە خۆت

بپرسە لە زەردی رووانینەکانت

من تێناگەم

تـۆ پیم بڵێ

منێکی شاراوە هەیە لە وێنەکانتا

یا.. نا ؟

منێکی ئاشنا بە هەناسەکانت

بوونی هەیە لە رۆحیشتا

یا..نـا!!؟

2007/2/13